# ئومەممییەکەی دوێنێ و شارچییەکەی ئەمڕۆ

سمکۆ عەبدولکەریم

بە دەست خۆم نەبوو هەموو ئەوانەی لە سەرەتاو ناوەڕاستی هەشتاکان ناسیمن و هاوڕێیەتیم کردن یان کۆمەلە بوون یان شیوعی بوون ، هەر هەمووشیان ئاراستەی بیرکردنەوەیان لە چوارچێوەیەکی ئومەممیو داکۆکی کردن بوو لە یەکێتی سوڤیەتی جاران وەك نمونەیەکی جوان،لەم ڕووەوە من هەمیشە ناکۆك بووم لە گەڵیان،ئێستاش وەبیرمە برادەرێکی کۆمەلەم هەبوو زۆرجار دەکەوتینە گفتوگۆ جارێکیان لە ئەنجامی هەڵچونەوە جوێنێکی ناشرینم بە مارکسدا گووتی: دەزانی هەموو شتێکت لێقبولێ بکەم ئەوەت لێقبول ناکەم ،لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە لە بابەتەکە دەرچم و قسە لە شتی تر بکەم بەقەد ئەوەی مەبەستم ئەوەیە بڵێم من هیچ کاتێ باوەڕم بە خەڵکی توندڕەو نەبووە، پێم وایە ئەو جۆرە مرۆڤانە لە هەر شوێنێك بن هەر وان با ئەو شوێنە سەدو هەشتا پلەش جیاوازبێ لە گەڵ رابووردووی،دوای راپەرین زیاتر خەڵکانێکی چەپ دروشمی نەتەوەییان بەرزکردەوە کە سەرەنجام ئەمە ململانێیەکی زۆرتوندی لێکەوتەوە لە نێوان خودی چەپەکان خۆیاندا،من بەردەوام وەك رەئی لەگەڵ ئەو چەپانەدا بووم کە وەك خۆیان بیریان کردۆتەوەو سیاسەتیان کردوە،باوەڕ بوون بە دیموکراسی و هەڵبژاردن و فرەحیزبی و کێشە نەتەوییەکان چ لای چەپەکان یان ئیسلامییەکان پێم وانییە لە گەڵ بەرنامەی فکریان یەك بگرێتەوە،من قسەی ئەو ئیسلامییانەم زۆر پێ دروستە کە دەڵێن ئێمە تا ئەو شوێنە باوەڕمان بە دیموکراسی هەیە تا دەگەینە دەسەڵات ، نامەوێ لێرە زیاتر لەسەر ئەوە بدوێم ، چونکە مەبەستی من لەم نووسینە وەلامدانەوەی کاك فوئاد سدیقە کە لە ژمارە (204)ی رۆژنامەی میدیا لە وەڵامی کاك رێبوار سیوەیلیدا بابەتێکی بە ناونیشانی (کلتوری هەولێر کلتوری ئەخلاقە ....!!!!) بڵاوکردۆتەوە من پێشتریش لەسەر هەمان ئەو بابەتانەی  کە لە سەر دیدارەکەی ریبوار سیوەیلی بلاْوکرانەوە شتێکم نووسی بەنیازیش نەبووم لەوە زیاتر قسە لە سەر ئەو بابەتە بکەم ، چونکە پێم وایە ئەوەندەی نایێنی،بەلاْم دیارە ناشکرێ گفتوگۆلەسەر ئەو شتە هەلانە نەکەی کە رۆژانە لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکان بڵاودەکرێنەوە ، ئەو چەند دێرەی لە سەرەوە نووسیومە تەنیا بۆ ئەوەیە بڵێم ئەو سۆزداری و شارچیەتیەی هەندێ لە تەماشاچییەکانی شەڕی ناوخۆ ئەمڕۆ دەیکەن شتێك نییە بۆ ئەوەبێ شارەکەیان پێ جوان بکەن ، بە قەد ئەوەی هەڵچوونێکی زۆر سەلەفیانەو توندڕەوانەیە و جێگەی دڵخۆشی نییە چونکە ئەو جۆرە کەسانە لە هەر شوێنێك بن هەروا بەم شێوە توندڕەویە بیر دەکەنەوە، زۆر سەیرم بە کەسێکی وەك کاك فوئاد دێت کە تا دوێنێ وەك ئومەممییەك داوای دەولەتی بێ حکومەتی دەکرد ئەمڕۆ هاتوە  بەم شێوەیە قسە لەسەر هەولێر دەکات و وەك مەلایەکی دوازدە عیلم ئەم وتەیەی رێبواری هاوتاکردوە بەو تاوانەی رۆژگارێك هاوڕێکانی بە پێی شەریعەتی مارکس و لینین

شەریکیان بۆ خودا پەیدا دەکردو ئەمڕۆش بە پێی شەریعەتی ئیسلام و لە جیاتی خەڵکی هەولێر هاتوە فتوای ئەوەدەدا کە ئەم تاوانەی ڕێبوار بە قەد شەریك پەیداکردن بۆ خوداو بەقەد زیناکردن لە رۆژی هەینی لە مزگەوتدا گەورەیە،هەرچەندە لەمەشدا مەبەستم ئەوە نییە مەحکومی بکەم بەرابردوو، بەقەد ئەوەی دەمەوێ بڵێم هەموو ئەوانەی لە رابوردوودا بە وشیارییەوە بە دوای مەبدەئێك کەوتون یان شتیان نووسیوە مانای وانییە نەتوانین بە نمونە بیانهێنینەوە ، چونکە من پێم وایە هەموومرۆڤێك ئازادەو حەقی خۆشیەتی بگۆڕێ ،بەڵام لە شتێکی باش بۆ باشتر نەك بە پێچەوانەوە (لە ئومەممییەتەوە بۆ شارچییەتی)، بە هەر حال نامەوێ لەم نووسینەدا جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر دیاردەی نێربازی بۆ ئەوەی بزانین ئەم دیاردەیە لە هەولێر هەبووە یان نا وەك کاك فوئادیش جارێکی دیکە هاتووە تەئکید لە سەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێ : (لە بنەڕەتدا ئەم کولتوورە نەك هەر نامۆیە بە خەڵکی هەولێر ،بەڵکو زۆر نەشازەو دوورە لە هەموو نەریتێکی ئەو شارە) وەك ئەوەی ئاگای لەوە نەبێ کە ئەو دیاردەی نێربازی وباشتر وایە ئەوەشی بیر بێنمەوە کە کەرگانیش دیاردەیەکە بە هیچ شێوەیەك نامۆنییە بەم شارەو قسە کردنی جدیش لەم مەسەلەیە دەمانباتە سەر زۆر بابەتی دیکە کە هەر هەمووی درێژبووەوەی ئەوەی پیشووترەو ئێمە ناتونین لێرە بەو جدییە قسەی لێوەبکەین ،لە لایەکی دیکەشەوە باشتر وایە کاك فوئاد بێت ئەم دەستەواژەیەی باشتر دەربڕێ کە دەڵێ :(ئەرێ نێربازی کولتوری هەولێرە ؟! چما خۆشەویستی نێوان کوڕو کچێك بۆ ئەوەیە کوڕەکە جەستەی کچەکە داگیر بکات ؟؟!!) چونکە باوەڕناکەم بۆخۆشی بزانی لەمەدا مەبەستی چییە ،دواتر من نازانم ئەم خەلکە بۆچی هێندە بەم مەسەلەی نێربازیە نارەحەت بوون کەچی نیو هێندە بە لەتوپەتکردنی ئەو هەموو مرۆڤە تێك نەچوون،محەمەد تەهای هاوڕێم قسەیەکی جوانی کرد کە گوتی ئەگەر لە جێگەی هەولێر وشەی کورد بە کار هاتبایە ئەوە باوەڕ ناکەم ئەم مەسەلەیە ئەوها کەوتباوە،لەو ئاماژەیەشدا هەر زۆر بەهەڵەدا چووە کە پێی وایە مێژووی عەلمانییەتی شاری هەولێر بۆ کەسایەتییە مارکسییەکانی هەولێر دەگەڕێتەوە،من باسی ئەوە ناکەم کە هەولێرشارێکی عەلمانییە یان ناچونکە ئەو تێگەیشتنەی ئەو درێژبووەی هەمان ئەو تێگەیشتنەی شیوعییەکانە کە رۆژگارێك پێیان وابوو ئەوەی شیوعی نەبێ رەجعیە ،ئەمەش بابەتێکی دیکەی سەر بەخۆیە و دەکرێ لە دەرفەتێکی دیکە قسەی لەسەر بکرێ ،بەڵام ئەوەی بەلای منەوە لەم نووسینەدا زۆر گرنگەو دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ ئەو ئاراستە بیرکردنەوە سەقەتەیە کە خەڵکی ترو کاك فوئادیش لێیەو دەدوێن ، زۆرم پێخۆشە بزانم هەولێرییەکان کێن و هەولێر هی کێیە؟ ئەم رەسەنایەتییە لەسەر چ بنەمایەك دیاری دەکرێ و؟ کاك فوئاد لە کوێوە ئەو رێگەیەی بە خۆی داوە بەم زمانە قسەبکات و سوکایەتی بە مرۆڤ بکات ، بۆیە ئەگەر ئەو بڕگەیەی رێبوار سیوەیلی وەك هەندێ رۆشنبیر پێی سەخلەت بوونەو خەریکی ئیمزا کۆکردنەوەن لە دژی ، ئەوە ئەو قسەیەی کاك فوئاد هەر زۆر ناماقوول و پڕ مەترسی ترە کە دەڵێ :(لە جیاتی ئەم رەفتارانەی کە

مۆرکی هەولێرییان پێوەیە ،واخەریکە دوورِوویی وئیزدیواجیەت و دیماگۆجیەت و کردارپێچەوانەی گوفتار و......هتدجێگەی دەگرێتەوە !باشە کێ بەرپرسە لە گواستنەوەی کولتووری یەکەم کەهی خەڵکی رەسەنی هەولێریانە، بۆ کولتووری دووەم کە هی خەڵکی لایدەو نا هەولێریانەو ،خەریکە هی دووەمیش دەبێتە باو ؟!)دواتر ناماقوولییەکی دیکەی فوئاد سدیق ئەوەیە کە هاتنە نێو شاری خەڵکی دیکە کە ئەو بە خەڵکی سەر سنوور ناوی بردون بە هەموو پێوەرێك بە رەوا نازانێ و داوای کردووە کە ئەگەر لە دوورە شاریش نەبووایە ئەوا لە نزیك شار نیشتە جێ بکرابوونایە( نەك ناو جەرگەی بازاڕی هەولێر ئاپۆرەی بێت لە خەڵکی لایدە)کاك فوئاد هەرچەندە لە شوێنێك ئاماژەی بۆ شەڕی ناوخۆ کردووە، کە دیارە لەمەدا مەبەستی ئاوارەکانی پارتییە لە هەولێر کە بەقسەی ئەو ئەوان سەرچاوەی گواستنەوەی کلتوری دووەمن بۆ ئەم شارە کە بە ئیزدیواجیەت و دیماگۆجیەت و کردار پێچەوانەی گوفتار وەسفی کردوون ، بەلاّم لە زۆر شوێنی تر بە خەڵکی سەر سنوور ناوی هێناون کە لەمەدا هەست بە تێکەڵو پێکەلییەك دەکرێ تێناگەم کاك فوئاد بە دروست مەبەستی لە خەڵکی لایدە کێیە ئەگەر نا هەر خوا دەزانێ کاك فوئاد خۆی لایدەی چ دەڤەرێکەو چۆن هاتۆتە هەولێرو بە چ پێوەرێك بۆتە هەولێری و زمانحاڵی ئەم شارە، من تێناگەم کاك فوئاد بۆ بۆی هەبێ لە هەولێر نیشتە جێ بێ و لە نیعمەتەکانی شار بنۆشێ ،بەلاّم خەڵکی دیکە بۆیان نەبێ بێنە شار، ئەگەر بە پێوەری مێژووی نوێ بێ ئەوە دەبێ هەر هەمووومان بارکەین و هەولێر بۆ ئێربیلییەکان بە جێبێڵین ، لە کۆتایدا مەبەستم ئەوەنییەو ناشمەوێ بکەومە سەنگەری بەرگریکردن لە رێبوار، بەقەد ئەوەی مەبەستم قسەکردنە لەسەر کۆمەڵێك قسە کە بە ناڕەوا پێمانی دەفرۆشن و لەو رێگەیەشەوە دەیانەوی غەدر لە هەولێر بکەن ، هەرچەندە زۆر لە برادەران پێیانوایە کە هێنانە گۆڕی ئەم مەسەلەیەش گەمەیەکی دیکەیەو مەبەستیانە بۆ ماوەیەك رۆشنبیرو نووسەران و خوێنەرانی پێوە سەرقاڵ بکەن، بۆیە لەوەزیاتر نامەوێ لەو مەسەلەیە بدوێم .